https://doi.org/10.24271/garmian.45 http://jgarmianuniv.net

# مـۆرفـیـمە هاوبێژو فرەواتـاكان لە زمانی كوردیدا
## ( شێوازی ئاخاوتنی گەرمیان وەك نمونە )

پ.ی.د. ئومێد برزان برزو شادان حمەئەمین محمد
زانكۆی گەرمیان ـ كۆلێجی پەروەردە/ بەشی زمانی كوردی

**پێشەكی:**

هاوبێژی (التجانس، homonym)و فرەواتایی (تعدد المعانی، polysemy) وەك دو دیاردەی واتایی پەیوەستن بە فراوانكردنو دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانەوە، بەوەی دو ڕێگای ترن لە بەردەم گەیاندنی چەمكو مەبەستەكانی ئاخێوەردا، ئەم دو دیاردەیەش لە هەمو ئاستەكانی زماندا ڕودەدات، مۆرفیمیش وەك دانەیەكی زمانی لە ئاستەكانی مۆرفۆلۆجیو سینتاكسدا ئەركو ڕۆڵی خۆی دەگێڕێ، هەڵبەتە چەندین كتێبو توێژینەوە لەبارەی مۆرفێمو بونی دیاردەی هاوبێژیو فرەواتایی لە ئاستی مۆرفێمدا باسكراوە ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە چەند پۆلێنكردنێك بۆ جۆرەكانی مۆرفێم لە زماندا بەگشتیو بەتایبەتی لە زمانی كوردیدا كراوەو بۆچونی جیاواز لەم بارەیەوە خراونەتەڕو.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی پەسنی پەیڕەوكراوە، هەروەها بۆ كەرەستەی توێژینەوەكەش سود لە نمونەو ئاخاوتنی ناوچەی گەرمیان ـ زاری كرمانجیی ناوەڕاستی زمانی كوردی وەرگیراوە.

هەروەها گرنگی توێژینەوەكەش لەوەدایە:

1- خستنەڕوی پۆلێنكردنێكی نوێ بۆ جۆرەكانی مۆرفێم لە زمانی كوردیدا.

2- لە دیاردەی هاوبێژیو فرەواتایی دەكۆڵێتەوە، بە خستنەڕوی مۆرفێمە سەربەخۆو بەندە هاوبێژو فرەواتاكان لە شێوازی ئاخاوتنی گەرمیاندا.

توێژینەوەكە لە دو بەش پێكهاتوە:

لە بەشی یەكەمدا باس لە چەمكی مۆرفێمو دابەشبونی جۆرەكانی مۆرفێم لای زمانەوانە كوردەكانو پۆلێنكردنێكی نوێ بۆ جۆرەكانی مۆرفێم كراوە.

لە بەشی دووەمدا باس لە مۆرفێمە سەربەخۆو بەندە هاوبێژو فرەواتاكان لە شێوازی ئاخاوتنی گەرمیاندا كراوە، كە سێ تەوەر لەخۆدەگرێت: تەوەری یەكەم لە ئاستی مۆرفێمە سەربەخۆكان، تەوەری دووەم لە ئاستی هەردو مۆرفێمە سەربەخۆو بەندەكان، تەوەری سێیەم لە ئاستی مۆرفێمە بەندەكاندایە.

لە كۆتاییدا گرنگترین ئەنجامەكانو لیستی سەرچاوەكانو پوختەی توێژینەوەكە بە زمانی ئینگلیزی دەخرێنەڕو.


### 1 ) مۆرفێم و پۆلێنكردنی جۆرەكانی لە زمانی كوردیدا :

### 1-1 ) چەمكی مۆرفێمو ڕێگاكانی پۆلێنكردنی جۆرەكانی :


لەگەڵ سەرهەڵدانی بیری مۆرفێمو ناساندنی چەمكی مۆرفێم، قۆناغێكی تر لە توێژینەوە زمانەوانییەكان لە بواری ڕێزماندا هاتەكایەوە، بەتایبەتی لای زمانەوانە بونیادگەرییە ئەمریكییەكان كە بە شێوەیەكی بەرچاو لە دروستەی وشەو مۆرفێمیان كۆڵیوەتەوە. كە سەرەتاكەی دەگەڕێتەوە بۆ ناساندنی چەمكی مۆرفێم لای بلومفیڵد (مۆرفێم بچوكترین یەكەی واتاداری زمانە)(**Bloomfield: 1933:161** ). مۆرفێمیش دانەیەكی هۆشەكییە (ئەبستراكتە)و لە مێشكدایە، ئەم یەكە هۆشەكییەی زمانیش لە ڕێگەی مۆرفەوە بەرجەستەدەكرێت، واتە مۆرف شێوەی فیزیكی

مۆرفێمەو وەسفی مۆرفێم دەكاتو بەرجەستەی دەكات. پاش بڵاوبونەوەی بیری مۆرفێمو دەستنیشانكردنی مۆرفو ئەلۆمۆرفو پۆلێنكردنی جۆرەكانی مۆرفێم هەنگاوی بەرەو زمانەكانی تر ناوەو هەر لەو كاتیشەوە چەندین پۆلێنكردنی جیاجیا لەو بارەیەوە خراونەتەڕو، هەڵبەتە سەرهەڵدانی بیرو چەمكی مۆرفێمو پۆلێنكردنی جۆرەكانی بە شێوەیەكی گشتی نابێتە بابەتێكی گشتگیر بۆ هەمو زمانەكان، چونكە هەر زمانێك خاوەن خەسڵەتو تایبەتمەندی زمانەوانیی خۆیەتی، بۆیە چەندین تێڕوانینو بۆچونی جیاواز لەم بارانەوە هاتونەتەكایەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستە خستنەڕوی چەند پۆلێنكردنێك كە بۆ بیری مۆرفێمو جۆرەكانی بەپێی تایبەتمەندێتی سروشتی زمانی كوردی لەبەر ڕۆشنایيو بەسودوەرگرتن لە زمانەكانی تر كراوە:


لە كتێبی (چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجی كوردی) بەم شێوەیە باس لە جۆرەكانی مۆرفێم لە زماندا بە گشتيو بەتایبەتی لە زمانی كوردیدا كراوە:(محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر، 2006: 29)





لە كتێبی (وشەسازی زمانی كوردی)دا بابەتێك بەناونیشانی (تازەترین دیاریكردنی مۆرفیمەكانی زمانی كوردی) كە بەپێی بونی ئەو كەرەسانەی لە زمانی كوردیدا هەنو بەكاردێنو ئەو مۆرفێمە جیاوازانەی دیاریكراون، بەم شێوەیە باس لە دابەشكردنی جۆرەكانی مۆرفێم كراوە:(ڕەفیق شوانی، 2011: 101)




هەروەها لە کتێبی (وشەسازی زمانی کوردی) بابەتێك بەناونیشانی (دابەشکردنێکی بابەتیانەی مۆڕفیمەکانی زمانی کوردی)دا، کە تیایدا بەپێی سروشتی زمانەکە ئەم دابەشکردنەی خوارەوەی بۆ مۆرفێمەکانی زمانی کوردی کردوە، بەو پێیەی مۆرفێم دەبێت خاوەن ئەرك و واتا بێت:(**عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2012: 57**)




پاشان لە کتێبی (توانای مۆڕفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا)، کە نامەیەکی دکتۆرایە، بە سودوەرگرتن لە پۆلێنەکەی (چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی) بەم شێوە باس لە جۆرەکانی مۆرفێم لە زمانی کوردیدا کراوە:(**شیروان حوسێن خۆشناو، 2016: 75**)




لێرەدا هەڵوەستە لەسەر هەندێ بابەت پەیوەست بەم دابەشکردنانەوە دەکەین‌و باسیاندەکەین‌و بەراوردیاندەکەین، تا بتوانین پۆلێنکردنی گشتگیر بۆ جۆرەکانی مۆرفێم بەپێی سروشتی زمانی کوردی دابنێین:

**یەکەم/ بناغە (base)و قەد (stem)و ڕەگ (root):**

بناغە/بنکە دەشێ وشەیەکی سەربەخۆ واتە مۆرفێمێکی فەرهەنگی بێت، وەك (با، بەرد، پیاو،....) یان وشەیەکی سەربەخۆ نەبێت‌و ڕەگ بێت، هەرچەندە ڕەگ واتای سەرەکیی وشەکە لەخۆدەگرێت، وەك (فرۆش، کڕ، خوێن، ...) لە وشەکانی (فرۆشیار، کڕیار، خوێنەر،...) کە ڕەگن‌و بە تەنیا بەکارناهێنرێن‌و بەیاریدەی گیرەکە وشەدروستکەرەکان وشەی نوێیان ڕۆناوە، یان بەیاریدەی گیرەکە وشەگۆڕەکان قەدیان پێکهێناوە، وەك (فرۆشت، کڕی، خوێند،...)، بۆ نموونە:

مر: ڕەگە، بناغەیە

نەمر (/نە/فەرهەنگی + مر): قەد، بناغەیە

نەمری (نەمر + /ی/فەرهەنگی): بناغەیە

مرد: قەد، بناغەیە

نەمرد (/نە/ڕێزمانی + مرد): بناغەیە

نەمردی (نەمرد + /ی/نوسەك): وشەیە

ڕەگ کرۆکی وشەیەو هەڵگری واتای وشەیە، کە لەوە زیاتر کەرتناکرێتو بۆ یەکەی بچوکتر دابەشناکرێت. هەر بۆیە (ڕەگ بەشێکە لە وشە، کە پاش لابردنی گیرەکە وشەدروستکەرو وشەگۆڕەکان دەمێنێتەوە)( Alexandra Y.Aikhenvald, 2006: 38). بۆ نمونە:

کچ (ناو): ڕەگە، بناغەیە

کچەکە، کچێك (ناو + پاشگر/ڕێزمانی): قەد، بناغەیە

کچانە، کچێنی (ناو + پاشگر/فەرهەنگی): قەد، بناغەیە

(نوس) ڕەگە، بناغەیە: کە دەبێتە (نوسەر، دادنوس، پێنوس، ڕێنوس،...): قەد، بناغەیە.

(خوێن) ڕەگە، بناغەیە: کە دەبێتە (خوێنەر، خوێندکار،....): قەدە، بناغەیە. چونکە (قەد فۆرمێکی بەندە، کە لەگەڵ گیرەکە وشەدروستکەرەکاندا کۆدەکرێتەوە)(Ibid: 39).

هەروەها کردارە ڕابردووەکان کە قەد دەنوێن، لە (ڕەگ + مۆرفێمی کات) پێکهاتوە. بۆیە ((هەر کاتێك مۆرفێمێکی ڕەگ لەگەڵ گیرەکێکدا یەکیانگرت، قەد (stem)ێك دروستدەبێت))(شیروان حوسێن خۆشناو، 2016، 102) لە(ویکتۆریا فرامکین، 1387، 94)وەرگیراوە):

نوس: ڕەگە

(نوسین - ن) = (نوسی) قەدە، بناغەیە: (دەنوسی، نوسیبو)

دەشێ بناغە لە قەدێك پێکهاتبێت، وەك (نوسی، بەست، .....)

دەشێ بناغە لە قەدێك یان زیاتر پێکهاتبێت، بۆ نمونە:

(سەربەست) لە دو مۆرفێمی قەد (سەر + بەست) پێکهاتوە.

(سەربەستی) لە بناغەی (سەربەست)و پاشگری /- ی/ پێکهاتوە.

**دووەم/ گیرەکە وشەدروستکەرەکان ( Derivational affixes ):**

ئەم گیرەکانە بەشداری لە هەردو پرۆسەی وشەداڕشتنو وشەلێکدان لە دروستکردنی وشەی نوێدا دەکەن، کە لێرەدا باس لە جۆری گیرەکانو هەردو پرۆسەکە دەکەین:

1-**وشەداڕشتن** (Derivation word): لەم پرۆسەیەدا پێشگرو پاشگرە وشەدروستکەرەکان بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ (وشەی داڕێژراو) لە زمانی کوردیدا دەکەن، بۆ نمونە:

**پێشگر (prefix)**: داگرتن، ڕاگرتن، وەرگرتن، هەڵگرتن، هەڵهێنان، نەخۆش، نامەرد،....

**پاشگر (suffix)**: گرتنەوە، هێنانەوە، ڤیراندن، باڕاندن، نوسەر، بینەر، بچکۆلە،.....

**پێشگرو پاشگر (جوتەگر ـ confix)**: هەڵگرتنەوە، نامەردی، نەخۆشی،.....

بەڵام ئەو جۆرە زمانانەی کە ناوگریان (Infix) تێدایە، دەوترێ زمانە ناوگرییەکان (Infixing Languages)، واتە ئەو چەشنە زمانانەن، کە گیرەکی ناوگری ڕەگی وشەکانیان دەسمێتو وشەی نوێیان لێدادەڕێژرێتو گیرەك پەیوەندییە ڕێزمانییەکانیان دیاریدەکات، واتە ڕەگی وشەکان بەهۆی ناوگرەوە شەقدەکرێن، بۆیە مۆرفێمەکان دەچنە ناویەكو ڕەگی یەکتر دەسمن، قاڵبی هەر یەکە لە مۆرفێمەکان بەڕونی دەستنیشاندەکرێن، وەك: زمانی عەرەبی، عیبری، لاتینی، گریکی، .....تاد. سەبارەت بە بونی ناوگر لە زمانی کوردیدا، زمانەوانانی کورد دو ڕای جیاوازیان خستوەتەڕو:

**ڕای یەکەم/** م. محەمەد ئەمین هەورامانیو د. پاکیزە ڕەفیق حلیمیو مامۆستا مەسعود محەمەدو د. ئەوڕەحمانی حاجی مارفو ....تاد ڕایان وایە، کە ناوگر لە زمانی کوردیدا هەیە.

**ڕای دووەم/** (د. محەمەد مەعروف فەتاحو م. سەباح ڕەشید قادر)و د. وریا عومەر ئەمینو د. یوسف شەریف سەعیدو د. فاروق عومەر سدیقو د. عەبدولواحید موشیر دزەییو د. ئەبوبەکر عومەرو د. ڕەفیق شوانیو د. ئومێد برزان برزوو یارا قادرو شیروان حوسێن خۆشناو...تاد، بە ڕای ئەمان ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە. هەرچەندە (د. محەمەد مەعروف فەتاحو م. سەباح ڕەشید قادر) لە پۆلێنکردنی جۆرەکانی مۆرفێمدا (ناوەگر)یان لە گیرەکی وشەداڕێژو ڕێزمانی داناوە، بەڵام پاشان زۆر بەوردیو ئەکادیمی (7) تێبینیان خستوەتەڕو، بەوەی کە ناوگر لە زمانی کوردیدا نییە **(بڕوانە: محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر، 2006: 37- 39).**

2-**وشەلێکدان** (**compound word**): لەم پرۆسەیەدا ناوەندگرە وشەدروستکەرەکان بەشداری لە دروستکردنی وشەی نوێ (وشەی لێکدراو) لە زمانی کوردیدا دەکەن، مەبەست لە ناوەندگر، ئەو مۆرفێمە یاریدەدەرانەن، کە مانای خودییان نییە، بەڵام لە لێکدانی وشەدا هاریکارییدەکەن، ئەم جۆرە مۆرفێمانە، کە دەکرێ پێیان بوترێ مۆرفێمی پەیوەندی، کە لە وشەی لێکدراودا بەدیدەکرێن. ئەگەر چاوێك بە فەرهەنگی زمانی کوردیو تەنانەت زۆربەی زمانەکان لە پرۆسەی وشەوزاراوە دروستکردن بخشێنین، کە بەشێکیان بەهۆی پێشگر یان پاشگر یان هەردوکیانەوە وشەی داڕێژراو (وشەداڕشتن) دروستدەبن، بەشەکەی تریشیان بەهۆی ناوەندگر یان بێ ناوەندگر وشەی لێکدراو (وشەلێکدان) دروستدەبن، بەم پێیەش ناوەندگر وەك گیرەکی وشەدروستکەر ڕۆڵێکی گرنگ لە پرۆسەی وشەو زاراوەدروستکردن دەبینێت. واتە ناوەندگر ئەو مۆرفێمە بەندە وشەدروستکەرانەن، کە بەشداری لە پێکهاتەی وشەی لێکدراودا دەکەن. وشەی لێکدراویش لە ئەنجامی لێکدانی دو وشەی واتادار یان زیاتر بەیاریدەی ناوەندگرەکان یان بەبێ یاریدەی ناوەندگرەکان دروستدەبنو وشەیەکی خاوەن واتایەکی سەربەخۆ دەنوێنن. دواتر بە نمونەوە لە ناوەندگرەکان دەدوێین.

**سێیەم/ نوسەك** (**Clitic**):

گیرەكو نوسەك هەردوکیان مۆرفێمی بەندن، لێرەدا گرنگترین خاڵی جیاوازی نێوانیان دەخەینەڕو: (بڕوانە: 1- محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر(2006: 3ك2-34).2- شیروان حوسێن خۆشناو(2016: 102- 108). 3- ئەبوبەکر عومەر قادر(2003: 23)).

| | **گیرەك** (**Affix**) | | **نوسەك** (**Clitic**) |
|---|---|---|---|
| 1 | گیرەك دەبێتە بەشێك لە پێکهاتەی وشەکە، واتە بە بەشێکی وشەسازیی فەرهەنگی یان ئەرکی دادەنرێت. | 1 | بەڵام نوسەك نابێتە بەشێك لە پێکهاتەی وشەکە، واتە وەك وشەیەکی سینتاکسی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. |
| 2 | گیرەکەکان توانای جوڵەو گۆڕینی شوێنیان نییە، جگە لە مۆرفێمەکانی /- ەکە/، /- ان/ نەبێت، کە بەپێی فراوانکردنی فرێزی ناوییەکە دەکەونە کۆتایی فرێزەکەوە، بۆ نمونە:<br>کوڕەکە : کوڕە زیرەکەکە : کوڕە زیرەکە یەکەمەکە<br>کوڕان : کوڕە زیرەکەکان : کوڕە زیرەکە یەکەمەکان | 2 | بەڵام نوسەکەکان توانای جوڵەو گواستنەوەیان لە چوارچێوەی ڕستەدا هەیە، بۆ نمونە:<br>خانووەکەیان بە من نەفرۆشت.<br>بە منیان نەفرۆشت.<br>نەیان فرۆشت. |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | فرۆشتیان. |
| 3 | گیرەك تەنها بە مۆرفێمی بناغە (قەدو ڕەگ)ەوە دەلكێت، بۆ نمونە:<br>ا- گیرەكی وشەدروستكەر:<br>ناخۆش، نەزان، كوڕێنی، پیاوەتی، .....<br>ب- گیرەكی وشەگۆڕ: زیرەكتر، پیاوترین....<br>كوڕە، كوڕێك .....<br>دەچو، دەچێت، بچۆ ...<br>نەچو، ناچێت، مەچۆ ... | 3 | بەلاّم نوسەك بە مۆرفێمی بناغە (قەدو ڕەگ) یان فرێز یان بە كەرتێكی تری ناو ڕستەوە دەلكێت، بۆ نمونە:<br>كوڕەكەم هات<br>كوڕە زیرەكەكەم بینی<br>بۆ كوڕەكەم نارد<br>بۆم نارد<br>كوڕە زیرەكەكە دەبینم<br>دەیبینم |
| 4 | گیرەك كۆتایی وشە بە ڕوی نوسەكدا داناخات، واتە دەشێ گیرەكی تر یان نوسەك یان هەردوكیان بە دوایدا بێت، بۆ نمونە: كتێبەكان (كتێب + ەكە + ان)<br>كتێبەكەمان (كتێب + ەكە + مان)<br>كتێبەكانمان (كتێب + ەكە + ان + مان) | 4 | بەلاّم نوسەك كۆتایی وشە بە ڕوی گیرەكدا دادەخات، تەنها نوسەك بە دوایدا دێت، بۆ نمونە:<br>كتێبەكەیانم (كتێبەكە + یان + م)<br>*كتێبیانەكە (كتێب + یان + ەكە) |
| 5 | گیرەك وەك پێشگر دەچنە پێش وشەوە، هەروەها وەك پاشگریش دەچنە پاش وشەوە، بۆ نمونە:<br>دەخوێنم، خوێندنەكە<br>ڕاكردن ، كردنەوە | 5 | بەلاّم نوسەك كۆتایی وشە دەگرن، واتە نوسەكەكان بەزۆری دوادەگرن‌و ناچنە پێشەوە، بۆ نمونە:<br>دەخوێنم<br>ڕادەكەین |
| 6 | گیرەك تەنها یەك فۆرمی هەیە، كە ئەویش فۆرمێكی بەندە، بۆ نمونە:<br>پیاوان ، سەیران | 6 | بەلاّم نوسەك دو فۆرمی هەیە: فۆرمێكی كورتكراوە (بەند)و فۆرمێكی پڕ (سەربەخۆ)، بۆ نمونە:<br>ئەوان دەڕۆن |
| 7 | گیرەك ناوێزەی مۆرفۆلۆجیی زۆری تێدایە، واتە ناوێزەی واتایی لە گیرەكی ڕێزمانی‌و فەرهەنگیدا ڕودەدات، بۆ نمونە: پاشگری وشەدروستكەری /- ولە/ بەزۆری بۆ بچوككردنەوە بەكاردێ، كەچی لە (مێشولە، دانولە)دا ناوێزەی لە ڕوی واتاوە هێناوە، چونكە نە (مێشولە) بەواتای (مێشی بچوك)و نە (دانولە) بەواتای (دانی بچوك) بەكاردێت، هەروەها پاشگری ڕێزمانی /- ان/ بەزۆری بۆ كۆ بەكاردێت، كەچی لەگەلّ هەندێ ناودا ئەم واتایە لەدەستدەدات‌و واتای تر (كات) دەگەیەنێت، وەك (جاران، سالاّن، ڕۆژان،....). | 7 | بە پێچەوانەوە نوسەكەكان بە ڕێكوپێكی ڕەفتاردەكەن، بۆیە ناوێزە لە نوسەكەكاندا نابینرێ، بۆ نمونە:<br>كوڕەكەم، مندالّەكەم...<br>سەرم، قاچم، دەستم.....<br>لێرەدا /- م/ هەر بە واتای (من) یان (هی من) دێت‌و هەرگیز واتای تر لەگەلّ خۆیدا ناهێنێتە ناو ڕستەوە گرێكەوە. |

ئەوەی بەرچاودەكەوێت، تەنیا ((جێناوە لكاوەكان بە پۆلی نوسەك ناودەبرێن، لەپالّ ڕێكخستنی كەرەسە دەربڕاوەكاندا، ڕۆلّی بكەرو بەركارو خاوەنێتی‌و دیارخەری، كەسی قسەكەرو گوێگرو باسكراو، تاك‌و كۆ دەبینن))(**ئەبوبەكر عومەر قادر، 2003: 23**). لە لایەكی ترەوە ئەم نوسەكانە وەك مۆرفێمی بەند بەشداری لە دروستەی فرێزی كرداری دەكەن، فرێزی

کرداری لە دروستەی ڕستەکەدا ڕەگەزێکی سەرەکییەو بونی لە دروستەکەدا بەخورتییەو ناتوانرێت دەرنەبڕدرێت. سادەترین دروستەی فرێزی کرداریش لە (ڕەگ + مۆرفێمی کات + مۆرفێمی کەس‌وژمارە/جێناوێکی لکاو) پێکهاتوە، بۆیە نوسەکەکان تەنیا وەك مۆرفێمێکی بەند لە دروستەی قوڵدا دەکەونە کۆتایی دروستەی فرێزە کرداریەکەوە. هەرچەندە ((توانای گۆڕینی شوێنیان لە چوارچێوەی ڕستەدا هەیە، بەلاّم لە ڕوی چەمك‌و واتاوە هەر بە بنکە سەرەکییەی خۆیانەوە پەیوەستن))(شیروان حوسێن خۆشناو، 2016، 28). هەر لەبەر ئەوەشە بەرگر (پێشنوسەك)و دواگر (پاشنوسەك)مان لە زمانی کوردیدا لابردوە.

**چوارەم/ ناوەندگر ( Interfix ) و ناوبەند:**

ناوەندگر مۆرفێمێکی بەندی وشەدروستکەرە، کە بەشداری لە پێکهاتەی وشەی لێکدراودا دەکەن. واتە لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفێمە سەربەخۆکان لە پرۆسە مۆرفۆلۆجییەکاندا بەشێکیان بەهۆی ناوەندگرەوە لێکدەدرێن، بەشێکی تریشیان بەبێ ناوەندگر لێکدەدرێن، لە زمانی کوریدا چەند ناوەندگرێك هەن، کە بەشداری لە پرۆسەی وشەلێکدان دەکەن بەمەبەستی دروستکردنی وشەی نوێ، واتە پرۆسەیەکی مۆرفۆلۆجییە، کە ئەمانەن:

**/- ە ، - و ، - بە ، - ەو ، - او ، - ان ، - لە ، - بۆ ، - بێ ، - ەن ، - نە ، - نا ، - تا/**

1- **ناوەندگری /- ە/:**

مۆرفێمی /- ە/ دەبێتە ناوەندگرو بەشداری لە دروستکردنی وشەی لێکدراو دەکات، بەم ڕێگایانە:

1- لێکدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- ە/ بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو، بۆ نمونە: بەردەنوێژ، گوڵەگەنم، مانگەشەو، چەرمەگا، گوڵەباخ، دەڵەورچ، گەردەمل، دەمەداس، هەورەتریشقە، گیسکەنێر، بوکەشوشە، دەمەشێر، چەپکەگوڵ، کلکەبێڵ، شەڕەپشیلە، چەرمەگا، کوڕەئاغا، بێچوەورچ، شەڕەژن، توتکەسەگ، جاشەکەر، نێرەکەر، نێرەکەو، نێرەورچ، دەڵەسەگ، گوڵەهێرۆ، بەردەباز، تۆپەڵەبەفر، وتارەهەواڵ، پەخشانەشیعر، وێنەهەواڵ، تۆپەڵەبەفر، .....تاد.

2- دوپاتکردنەوەی ناوێکی سروشتی بەیاریدەی /- ە/ بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو، بۆ نمونە: قرچەقرچ، گڤەگڤ، جیڕەجیڕ، مڵچەمڵچ، چەقەچەق، بۆڕەبۆڕ، لورەلور، گرمەگرم، لەرزەلەرز، تەقەتەق، جوڵەجوڵ، دەنگەدەنگ، قاسپەقاسپ، ناڵەناڵ، هاژەهاژ، قیژەقیژ، منجەمنج، منگەمنگ، خشەخش، قیرەقیر، مشەمش، مرچەمرچ، بۆڵەبۆڵ، ورتەورت، خورەخور، فلتەفلت، فشەفش، زەڕەزەڕ، قرتەقرت، باڕەباڕ، خڕەخڕ، کڕەکڕ، فڕەفڕ، .....تاد.

3- ناوی سادە + /- ە/ + ئاوەڵناوی سادە = ناوی لێکدراو، بۆ نمونە: مێرگەسور، کێلەسپی، ماڵەهەژار، مەڕەکێوی، بەردەڕەش، بەردەسور، سەرەڕەش، پردەسور، گۆڕەپان، .....تاد.

4- ئاوەڵناوی سادە + /- ە/ + ناوی سادە = ناوی لێکدراو، بۆ نمونە: ڕەشەبا، تەڕەپیاز، گەندەمو، شۆڕەبی، سەوزەگیا، مزرەسێو، تاریکەشەو، جوانەمەرگ، زەردەمار، شۆرەسوار، شەکرەسێو، سورەگوڵ، وشکەشێواز، کەڵەپیاو، کەڵەشێر، گێلەپیاو، .....تاد.

5- ناوی سادە +/- ە/+ ڕەگی كردار = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: دەستەسڕ، بەردەنوس، گورگەزێ، چاوەڕوان، ئاوەڕێژ،...تاد.

6- ناوی سادە + /- ە/ + ئاوەڵناوی سادە + پاشگری /ە/ = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

ئاگرەسورە، مێوژەڕەشە، هەنارەتورشە، مامەخەمە، جاجكەتاڵە، .....تاد.

7- ناوی سادە + /- ە/ + ئاوەڵناوی داڕێژراو + پاشگری /- ە/ = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

شێرەبەفرینە، شێرەدارینە،....تاد.

8- ناوی سادە + /- ە/ + ڕەگی كردار + پاشگری /- ەر/ = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: شیرەخۆر، سەرەخۆر،....تاد.

9- دوپاتكردنەوەی ناوێكی واتادار بەیاریدەی /- ە/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: دەمەدەم، چاوەچاو، ....تاد.

10- دوپاتكردنەوەی ڕەگی كردار بەیاریدەی /- ە/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

تەپەتەپ، سوڕەسوڕ، هاتەهات،.....تاد.

11- لێكدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- ە/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵناوی لێكدراو، بۆ نمونە: ئەسپەژن، پایزەبرا،.....تاد.

12- ئاوەڵناوی سادە + /- ە/ + ڕەگی كردار = ئاوەڵناوی لێكدراو، بۆ نمونە: كۆنەپەرست، كۆنەفرۆش،.....تاد.

13- ئاوەڵناوی سادە + /- ە/ + ناوی سادە = ئاوەڵناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

شۆڕەژن، بۆرەپیاو، شەنگەگیا، كورتەباڵا، پیرەمێرد، بۆرەدەوڵەمەند، .....تاد.

14- دوپاتكردنەوەی ئاوەڵناوێك بەیاریدەی /- ە/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە:

وردەورد، خاوەخاو، .....تاد.

15- ئاوەڵكرداری سادە + /- ە/ + ناوی سادە = ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە:

پشتەسەر، پاشەلەقە، پاشەڕۆژ، بنەماڵ،.....تاد.

2- **ناوەندگری /ـ و/:**

مۆرفێمی / ـ و/ دەبێتە ناوەندگرو بەشداری لە دروستكردنی وشەی لێكدراو دەكات، بەم ڕێگایانە:

1- لێكدانی دو ناوی سادە بە یاریدەی ناوەندگری /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: هێلكەوڕۆن، لەرزوتا، دۆستوبرادەر، دەنگوباس، دەرگاوبان، خزموكەس، ژنوپیاو، دەموچاو، دۆستودوژمن، بەژنوباڵا، ژنوماڵ، زێروزیو، جەرگوهەناو، دەستوپێ، جێوڕێ، شەووڕۆژ، بابوباپیر، دایكوباوك، ژنومێرد، ڕێگاوبان، ئیشوكار، جاروبار، گەمەوگاڵتە، سەروگوێلاك، جلوبەرگ، لێوولچ، نانوخوان، نانوچا، ئاووهەوا، پارەوپول، بەردوبناغە، ناوونیشان، كەسوكار، بیروباوەڕ، باوباران، گۆڕوكفن، زەبروزەنگ، كەڕولاڵ، ماڵومنداڵ، دەستوپەنجە، دەغڵودان، دارودەوەن، دەمودان، سەروپێ، نانونمەك، خێروشەڕ، دەردوبەلا، دوعاونزا، دوگمەودۆلاب، دێوودرنج، پینەوپەڕۆ، بانگوسەلا، قاتیوقڕی، سەروبەر، تەپوتۆز، گەشتوگوزار،....تاد.

2- ئاوەڵناوی سادە + /- و/ + ناوی سادە = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: گەندوگو، خاووخێزان، .....تاد.

3- لێكدانی دو ئاوەڵناوی دژ بەیەك بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

چاكوخراپ، ترشوتاڵ، گەورەوبچوك، تەڕووشك، چەپوڕاست، .....تاد.

4- لێكدانی دو كرداری فەرمانی بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

بگرەوبەردە، تێكەولێكە، بێنەوبەردە، .....تاد.

5- دوبارەكردنەوەی دو وشەی بێواتا بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: جیقونیق، جلقوفلق، جرتوفرت، حەلۆوبەلۆ، چرپوچۆپ، .....تاد.

6- لێكدانی دو ژمارە بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: حەوتوهەشت، سێوچوار، یەكودو،....تاد.

7- دوبارەكردنەوەی هەمان وشە بە نەرێكراوی بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

هەستونەست، هاتونەهات، بێونەبێ، بونونەبون، .....تاد.

8- لێكدانی دو ناوی دەنگی سروشتی بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

هاڕەوهاژە، پرتەوبۆڵە، ڤیژوچریكە، گریەوناڵە، .....تاد.

9- ناوی سادە + /- و/ + ڕەگی كردار = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: دەستوبرد، باسوخواس، گیروگرفت، .....تاد.

10- ڕەگی كردار + /- و/ + ناوی سادە = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: پرسوڕا، .....تاد.

11- لێكدانی دو ڕەگی كردار بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

هاتوچۆ، ترسولەرز، گفتوگۆ، كردوكۆش، هەڵسوكەوت، هەڵبەزودابەز، كوشتوبڕ، زاوزێ، .....تاد.

12- ڕەگی كردار + /- و/ + وشەیەكی بێواتا = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: كوڵوكۆ، وتووێژ، .....تاد.

13- وشەیەكی واتادار + /- و/ + وشەیەكی بێواتا = ناو یان ئاوەڵناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

ناوی لێكدراو: قەرزوقۆڵ، گیاوگژ، گۆڵومۆڵ، شەڕوشۆر، دارودو، ئێسكوپروسك، دڕكوداڵ، باوبۆران، شڕوبڕ، شڕووڕ، ماچوموچ، خەرتوپەرت، شتومت، پرتوبۆڵ، چاڵوچۆڵ، دزیوفزی، پەڕوپۆ، ڤایشوفرۆش، خانومان، بەزموڕەزم، فشوفۆڵ، لینجوفینج، لەشولار، كوڕوكاڵ، ڤاچوقوچ، دەستوپل، درۆودەلەسە، تەفروتونا، مشتومڕ، بۆنوبەرام، خێروبێر، خواروخێچ، زۆروزەند، .....تاد.

ئاوەڵناوی لێكدراو: كەڕوكاس، توندوتۆڵ، گورجوگۆڵ، ڕەقوتەق، نەرمونۆڵ، خڕوخۆڵ، لوسوپوس، خڕومڕ، گێژووێژ، شڕوپڕ، خڕوپڕ، سوكوسۆڵ، پانوپۆڕ، تاریكونوتك، شلومل، تەڕوبڕ، ساردوسڕ، سەڵتوقوڵت، خەستوخۆڵ، تەنگوچەڵەمە، ڕێكوپێك، .....تاد.

14- وشەیەكی بێواتا + /- و/ + وشەیەكی واتادار = ناو یان ئاوەڵناوی لێكدراو، بۆ نمونە:

ناوی لێكدراو: دامودەزگا، بڕوبیانو، جڕوجانەوەر، جموجۆڵ، تەخشانوپەخشان، پڕوپیرەژن، گژوگیا، ڤاڕوقوڕ، تروتفاق، فڕوفێڵ، دابونەریت، كەلوپەل، ئاڵوگۆڕ.....تاد.

ئاوەڵناوی لێکدراو: پڕوپوچ، کتوکوێر، ورتووێران، تاسولوس، وتووریا، .....تاد.

15- لێکدانی دو ئاوەڵناوی سادە بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو، بۆ نمونە: ساردوسڕ، وردودرشت، خڕوپڕ، گەرموگوڕ، شێتوشەیدا، ڕەشوسپی، توندوتیژ، تازەونوێ، لەڕولاواز، ڕەشوڕوت، تەڕوتازە، تاریکوڕون، پانوبەرین، ترشوتاڵ، ساردوگەرم، نەرموشل، سەوزوسور، ترشوشیرین، سادەوساکار، شەلوگێر، کرچوکاڵ، پیسوپۆخڵ، پەرشوبڵاو، هیچوپوچ، کاڵونەکوڵیو، .....تاد.

16- لێکدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- و/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو، بۆ نمونە: کەروگا، .....تاد.

17- ڕادە + /- و/ + ئاوەڵناوی سادە = ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە: زۆروبۆر، کەموکورت، .....تاد.

3- **ناوەندگری /- بە/:**

مۆرفێمی /- بە/ دەبێتە ناوەندگرو بەشداری لە دروستکردنی وشەی لێکدراو دەکات، بەم ڕێگایانە:

1- لێکدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- بە/ بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

کولێرەبەڕۆن، مەنجەڵبەکۆڵ، سەربەگێچەڵ، ژنبەژن، دەستبەکار، جێبەجێ، دەستبەسەر، .....تاد.

2- لێکدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- بە/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵناوی لێکدراو، بۆ نمونە:

قوڕبەسەر، لێوبەبار، ڕوبەخاڵ، کاربەدەس، داربەدەس، قژبەسەر، سەربەگۆبەن، چاوبەکل، .....تاد.

3- لێکدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- بە/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە: دەستبەجێ، .....تاد.

4- ئاوەڵناوی سادە + /- بە/ + ناوی سادە = ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە: پڕبەدڵ، پڕبەدەم، .....تاد.

5- دوبارەکردنەوەی ناوێك بەیاریدەی /- بە/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە:

ڕۆژبەڕۆژ، ساڵبەساڵ، دەمبەدەم، زوبەزو، دۆڵبەدۆڵ، ماڵبەماڵ، شاخبەشاخ، سەربەسەر، .....تاد.

6- لێکدانی دو ژمارە بەیاریدەی /- بە/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە:

یەکبەیەك، دوبەدو، سێبەسێ، سێبەدو، .....تاد.

4- **ناوەندگری /- ەو/:**

مۆرفێمی /- ەو/ دەبێتە ناوەندگرو بەشداری لە دروستکردنی وشەی لێکدراو دەکات، بەم ڕێگایانە:

1- دوبارەکردنەوەی ناوێك بەیاریدەی /- ەو/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە:

بانەوبان، شارەوشار، دارەودار، پاشەوپاش، ماڵەوماڵ، شاخەوشاخ، ڕاستەوڕاست،.....تاد.

2- لێکدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- ەو/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە:

دەستەوئەژنۆ، ڕاستەوڕێ، .....تاد.

3- لێکدانی دو ئاوەڵکرداری سادەی بەیاریدەی /- ەو/ بۆ دروستکردنی ئاوەڵکرداری لێکدراو، بۆ نمونە: سەرەوخوار، سەرەوژێر، سەرەوژور، سەرەولێژ، ......تاد.

5- **ناوەندگری /- او/:**

مۆرفێمی /- او/ دەبێتە ناوەندگرو بەشداری لە دروستکردنی وشەی لێکدراو دەکات، بەم ڕێگایانە:

1- دوبارەكردنەوەی ناوێك بەیاریدەی /- او/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە: پشتاوپشت، ڕەنگاوڕەنگ، دەماودەم، چەماوچەم، دۆڵاودۆڵ، دەشتاودەشت، پێچاوپێچ، دڵاودڵ، دەستاودەست، سەراوسەر، .....تاد.

2- دوبارەكردنەوەی ئاوەڵناوێك بەیاریدەی /- او/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە:

گەرماوگەرم، پڕاوپڕ، .....تاد.

3- دوبارەكردنەوەی ژمارەیەك بەیاریدەی /- او/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە: یەكاویەك، ....تاد.

6- **ناوەندگری /- ان/:**

دوبارەكردنەوەی ناوێك بەیاریدەی /- ان/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە:

بەرانبەر، سەرانسەر، دەوراندەور،.....تاد.

7- **ناوەندگری /- لە/:**

مۆرفیمی /- لە/ دەبێتە ناوەندگرو بەشداری لە دروستكردنی وشەی لێكدراو دەكات، بەم ڕێگایانە:

1- لێكدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- لە/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵناوی لێكدراو، بۆ نمونە: چاولەدەر، جامانەلەسەر، داخلەدڵ، گوڵلەسەر، خاڵلەڕو، دەستلەسەر، قوڕلەسەر، قژلەسەر، شەولەبان، سەرلەبەر، .....تاد.

2- ناوی سادە + /- لە/ + ئاوەڵناوی سادە = ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە: سەرلەنوێ، .....تاد.

8- **ناوەندگری /- بۆ/:**

ناوی سادە + /- بۆ/ + چاوگی سادە = چاوگی لێكدراو، بۆ نمونە: دەستبۆبردن، كاربۆكردن، .....تاد.

9- **ناوەندگری /- بێ/:**

لێكدانی دو ناو بەیاریدەی /- بێ/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: دەستبێخێر، .....تاد.

10- **ناوەندگری /- ەن/:**

دوبارەكردنەوەی ناو بەیاریدەی /- ەن/ بۆ دروستكردنی ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: شاهەنشاه، .....تاد.

11- **ناوەندگری /- نە/:**

مۆرفیمی /- نە/ دەبێتە ناوەندگرو بەشداری لە دروستكردنی وشەی لێكدراو دەكات، بەم ڕێگایانە:

1- ناوی سادە + /- نە/ + ڕەگی كردار = ناوی لێكدراو، بۆ نمونە: كەسنەزان، خوانەناس، .....تاد.

2- لێكدانی دو ناوی سادە بەیاریدەی /- نە/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵناوی لێكدراو، بۆ نمونە: كۆڵنەدەر، بارنەبەر،....تاد.

12- **ناوەندگری /- نا/:**

لێكدانی دو ناو بەیاریدەی /- نا/ بۆ دروستكردنی ئاوەڵكرداری لێكدراو، بۆ نمونە:

پارناپێرار، دوێنێ ناپێرێ، جارناجار، شەوناشەو،....تاد.

13- **ناوەندگری /- تا/:**

لێکدانی دو ناو بەیاریدەی /- تا/ بۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو، بۆ نمونە: سەرتاپا، .....تاد.

بەڵام ناوبەند پەیدابونی دەنگێکی نوێیە لە نێوان دو دەنگدا، چ بزوێن یان نەبزوێن بن، کە لە ئەنجامی کارتێکردنی ژینگەی فۆنۆلۆجیی جیاوازەوە سەرهەڵدەدەن، ئەمەش پەیوەندیی دروستەی مۆرفۆسینتاکسی بە فۆنۆلۆجییەوە دەخاتەڕو. واتە ((لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاساکانی سەرەوڕێزکردنو خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفێمەکان لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکاندا دەشێت ببێتە هۆی تەقینەوەو جێبەجێبونی یاسا فۆنۆلۆجییەکان، بەمەش دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکسی بەرهەمدێت))(ئومێد بەرزان برزو، 2017؛ 77). ئەو دەنگانەی کە دەبنە ناوبەندو لە نێوان دو دەنگ لە دروستە مۆرفۆسینتاکسییەکانی زمانی کوردیدا پەیدادەبن، ئەمانەن:

**1-ناوبەندی [و ـ w ]:**

ا- کاتێك وشەیەك بە دەنگی بزوێنی [و] کۆتایی بێتو یەکێك لە نیشانەکانی /- ان/ی کۆ، /- ەکە/ی ناسراوی،....تاد بخرێتە سەر، بۆ نمونە: دەزو + و + ان = دەزووان

دەزو + و + ەکە= دەزووەکە

ب- ئەگەر ئامرازی نیشانە یان کرداری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا یان پاشگری /- ەوە/ بچنە سەر کردارێك بە دەنگی بزوێنی [و] کۆتایی هاتبێ، ئەوە دەنگی [و ـ w ] لە نێوانیاندا پەیدادەبێ، بۆ نمونە:

ئەو + دەزو + و + ە = ئەو دەزووە

ئەوە + دەزو + و + ە = ئەوە دەزووە

چو + و + ەوە = چووەوە

پ- کاتێ نیشانەی /- ات/ی کۆ بخرێتە سەر وشەی (ئاغا)، (سەوزە)،....تاد، بۆ نمونە:

ئاغا + و + ات = ئاغاوات

سەوزە + و + ات = سەوزەوات

**2- ناوبەندی [ی ـ y ]:**

ا- ئەگەر وشەیەك کۆتایی بە بزوێنی [ا، ۆ، ێ، ی] بێتو نیشانەی /- ان/ی کۆی یان /- ەکە/ی ناسراوی یان /- ێك/ی نەناسراوی بخرێتە سەر، ئەوە لە نێوان وشەو نیشانەکەدا دەنگی [ی ـ y ] پەیدادەبێ، بۆ نمونە:

مامۆستا + یـ + ێك، ەکە، ان = مامۆستاییێك، مامۆستایەکە، مامۆستایان

چەقۆ + یـ + ێك، ەکە، ان = چەقۆییێك، چەقۆیەکە، چەقۆیان

دێ + یـ + ێك، ەکە، ان = دێییێك، دێیەکە، دێیان

کانی + یـ + ێك، ەکە، ان = کانییێك، کانییەکە، کانییان


ب- ئەگەر ئامرازی نیشانە (ئەم/ئەو.....ە) یان کرداری ناتەواو بۆ کاتی ئێستا یان کاتێ پاشگری /- ەوە/ دەچێتە سەر کۆتایی کردارێك، کە بە بزوێن کۆتایی هاتبێ، ئەوا دەنگی [ی] لە نێوانیاندا پەیدادەبێ، بۆ نمونە:

ئەو + مامۆستا + یـ + ە = ئەو مامۆستایە

شکا + یـ + ەوە = شکایەوە

**3- ناوبەندی [ ر ] :**

لەگەڵ کرداری (دان، گەیشتن، کردن، چون، هاتن، .......هتد) ئەو ناوە یان جێناوەی لەدوای پێشناوی /بە -/ دەردەکەوێ، بە جێناوی لکاوی دەربڕا، پێشناوی /بە -/ دەبێتە پاشناوێکی فەرمانیو قاڵبی /- ێ/ دەگرێتە خۆ، بۆ نمونە:




لێرەدا دو بزوێنی [ە] و [ێ] کەوتنە پاڵیەك، دەنگی [ی ـ y ]ی کپ یان [ر] لە نێوانیاندا دەردەکەوێ.

هەروەها لە کردارە داڕێژراوەکانی بە پاشگری /- ەوە/ی وەك (کردنەوە، خواردنەوە، چونەوە، ....تاد) لە کرداری فەرمانی تاکدا کە دو بزوێن دەکەونە پاڵیەك، ئەوا دەنگی [ر] لە نێوان دو بزوێنەکەدا دەردەکەوێ، بۆ نمونە:

دەرگاکە بکەرەوە

بچۆرەوە

**4- ناوبەندی [ د ] :**

ئەو کردارانەی ڕەگی کاتی ڕانەبردویان بە دەنگی [ڕ] یان [ر] کۆتایی هاتوە، لە گۆڕینی بۆ کرداری بکەرنادیاردا، قسەکەر هەندێجار دەنگی [د] دەخاتە نێوان ڕەگی کردارەکەو نیشانەی /- ر/ی بکەرنادیارەوە، بۆ نمونە:

گۆڕرا < گۆڕدرا

بڕرا < بڕدرا

ژمێررا < ژمێردرا

گیررا < گیردرا

**5- ناوبەندی [ هـ ] :**

ا- کاتێ نیشانەی /- ات/ی کۆ دەخرێتە سەر هەندێ وشە، کە بە دەنگی بزوێنی [ێ] یان [ە] کۆتایی هاتبو، بۆ نمونە:

دێ + ه + ات = دێهات

میوە + ه + ات = میوەهات

ب- لە ژمارەی پلەییدا، گەلێ جار ئەوە بەدیدەکرێ، کە لە نێوان ژمارە بنجییەکەو نیشانەی /- ەم/ و /- ەمین/دا، دەنگی نەبزوێنی [ه] بەکاردەهێنرێ، بۆ نمونە:

دو + ه + ەم = دوهەم

سێ + ه + ەم = سێهەم

چوار + ه + ەم = چوارهەم

6- **ناوبەندی [ ز ]:**

((ئەم دەنگە تازە پەیدانەبووە، بەلگەش ئەوەیە، نەك هەر لە زمانە ئێرانییە نوێکاندا هەیە، بەلکو لە فارسی ناوەڕاستیشدا بە هەمان شێوە دەبینرێ‌و لە بەشێکی زۆری ناوی ژمارەکاندا بەشداریدەکات))(**ئەورەحمانی حاجی مارف، 1998: 75-77**). بۆ نمونە: دو + ز + دە = دوازدە

نۆ + ز + دە = نۆزدە

7- **ناوبەندی [ ن ]:**

(( وای پێدەچێ، دەنگی (ن) زۆر درەنگ هاتبێتە نێو پێکهاتنی ناوی ئەو جۆرە ژمارانەوە، چونکە لە زمانی فارسیی ناوەڕاستدا بە هیچ چەشنێك نابینرێ، لە زمانی فارسیی نوێ‌و زمانی بلوجیدا تەنیا لە وشەی (شانزدەه)دا هەیە، (هەرچی (ن)ی وشەی (پانزدەه)ە ڕەسەنەو هی ئەسڵی وشەکەیە)…. لە زمانی کوردیدا لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەمو شێوەکاندا نییەو پتر تایبەتە بە ناوچەی سلێمانی، پەیدابونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم))(**سەرچاوەی پێشو: 77**). بۆیە ((بۆ سوککردنی ئەو نالەبارییە، ناچاربووە، دەنگی [ن] بێتە ناو (یازدە، دوازدە، سیازدە، پازدە، شازدە)ەوە))(**مەسعود محەمەد، 1982: 344**). بۆ نمونە:

یەك + دە = یانزە

دو + دە = دوانزە

سێ + دە = سیانزە

8- **ناوبەندی [ ج ]:**

ئەم دەنگە بە تەنیا لە وشەی (میوە)دا بەرچاودەکەوێت، کاتێ نیشانەی /- ات/ی کۆی بخرێتە سەر، بەتایبەت لە ناوچەی سۆران بەکاردەهێنرێت، بۆ نمونە:

میوە + جـ + ات = میوەجات

9- **ناوبەندی [ ت ]:**

یەکەم/ ئەو پێشناوانەی کە لەگەڵ ئەو جۆرە کردارانە دەردەکەوێ، کە چەمکی گوێزانەوە دەگەیەنن، وەك (چون بۆ، ناردن بۆ، دان بە، …… هتد)، دەشێ پێشناوەکە بە جێگرەپێشناوی /- ە/ جێگیربکرێ، بۆ نمونە:

چوم بۆ هەولێر ⟵ چومە هەولێر

دام بە ئازاد ⟵ دامە ئازاد

هێنایان بۆ ئێره ⟵ هێنایانه ئێره

بەڵام كاتێ كردارەكه خرایه ئێستای تەواو، ئەوا ناوبەندی /ت/ له نێوان دو بزوێنەكەدا دەردەكەوێ، بۆ نمونه:

ئێمه هێناومانه بۆ ئێره

↓ ↓

ت ه

ئێمه هێناومانەته ئێره

نمونەی تر:

ئەوان داویانه به ئازاد

↓ ↓

ت ه

ئەوان داویانەته ئازاد

دووەم/ ئەگەر كرداری لێكدراو به پاشگری /- ەوه/ بخرێته كاتی ئێستای تەواو، ئەوا دەنگی [ت]ی ناوبەند له نێوان /- ه/ی نیشانەی كاتو (ه)ی پاشگری /- ەوه/دا دەردەكەوێ، بۆ نمونه:

خواردومەتەوه

هێناومانەتەوه

**پێنجەم/ ئەلۆمۆرف ( Allomorph ) و ناوبەند:**

مەبەست له ئەلۆمۆرف شێوه جیاجیاكانی مۆرفێكه، كه مۆرفێمێك دەنوێنێت. بەم پێیه ((زاراوەی ئەلۆمۆرف بۆ ئەو مۆرفه جیاوازنه بەكاردێن، كه پێكەوه تاكه مۆرفێمێك دەنوێنن، كەواته كۆمەڵه مۆرفێكه كه گوزارشت له مۆرفێمێكی دیاریكراو دەكات))(محەمەد مەعروف فتاحو سەباح رەشید قادر، 2006، 17).

هۆكارەكانی پەیدابونی ئەلۆمۆرف بۆ چەند هۆكارێك دەگەڕێتەوه، وەك: (بڕوانه: عەبدولواحید موشیر دزەیی، 2012، 40-42)

1- هۆكاری فۆنۆلۆجی.
2- هۆكاری ڕێزمانی.
3- هۆكاری لێكسیكی.
4- هۆكاری ئەركی.

5- هۆکاری شێوەزاری.

بەشێکی زۆری پەیدابونی ئەلۆمۆرفەکان بۆ هۆکاری فۆنۆلۆجی دەگەڕێتەوە، ئەگەر سەیری یاسا فۆنۆلۆجییەکان لە زماندا بکەین، مەبەست ئەو دیاردەو گۆڕانە دەنگییانەن، کە لە ئاستەکانی فەرهەنگسازیو وشەسازیو ڕستەسازیدا ڕودەدەن، ئەمەش لە فەرهەنگی وشەکان لە نێوان زارەکان یان شێوەزارەکانی زمانێکدا، یان لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفێمە سەربەخۆو وشەدروستکەرەکان لە ئاستی وشەسازی بەمەبەستی دارِشتنو لێکدان، یان ڕیزکردنو خستنەتەکیەکی مۆرفێمە سەربەخۆو وشەگۆڕەکان لە ئاستی ڕستەسازیدا دروستدەبن. ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەو گۆڕانە دەنگیانەیە، کە لە ئەنجامی سەرەوڕیزکردنو خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفێمەکان لە دروستەی فرێزو ڕستەدا ڕودەدەن، کە بریتین لە (تێچونی دەنگ، پەیدابونی دەنگ، تەبایی دەنگ)، بەمەش مۆرفێمەکە چەند شێوەیەکی جیاوازی دەبێت، ئەم شێوە جیاوازانەش واتە مۆرفەکان دەبنە ئەلۆمۆرفی مۆرفێمەکە، بۆ نمونە:

| ناوی تاك | ناوی تاکی ناسراو | مۆرف | ناوی کۆی ناسراو | مۆرف |
|---|---|---|---|---|
| دار | دارەکە | /- ەکە/ | دارەکان | /- ەك/ |
| مامۆستا | مامۆستاکە | /- کە/ | مامۆستاکان | /- ك/ |
| کانی | کانییەکە<br>کانێکە | /- یەکە/<br>/- ێکە/ | کانییەکان<br>کانێکان | /- یەك/<br>/- ێك/ |
| پەمو | پەمووەکە<br>پەمۆکە | /- وەکە/<br>/- ۆکە/ | پەمووەکان<br>پەمۆکان | /- وەك/<br>/- ۆك/ |
| چەقۆ | چەقۆکە | /- کە/ | چەقۆکان | /- ك/ |

نمونەکان ئەوە دەردەخەن، کە مۆرفێمی ناسراوی /- ەکە/ دەچێتە سەر سەرەی فرێزی ناوی، چەند گۆڕانێکی دەنگی وەك (تێچونی دەنگ، پەیدابونی دەنگ، تەبایی دەنگ) ڕودەدات، بەمەش مۆرفەکانی /ەك، کە، ك، یەکە، یەك، وەکە، وەك، ۆکە، ۆك/ شێوە جیاجیاکانی واتە ئەلۆمۆرفەکانی مۆرفێمی ناسراوی /- ەکە/ دەنوێنن.

بەلاّم ناوبەند پەیدابونی دەنگێکی نوێیە لە نێوان دو دەنگدا، کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی یاساکانی سەرەوڕیزکردنو خستنەتەکیەکی وشەو مۆرفێمە وشەگۆڕەکان لە دروستە سینتاکسییەکاندا پەیدادەبێت، واتە تەنها (پەیدابونی دەنگ) دەگرێتەوە، بۆ نمونە:


پەمو + و + ەکە > پەمووەکە

کانی + یـ + ەکە > کانییەکە

ئانیا + مامۆستا + یـ + ە > ئانیا مامۆستایە

کتابەکانم بدەرێ

پاش خستنەڕوی چەند پۆلێنکردنێك بۆ جۆرەکانی مۆرفیمو باسکردن لە چەند جۆرێکی مۆرفیمو بەراوردکردنیان لەگەڵ چەند زاراوەیەکی تردا، هەوڵدراوە، بەپێی سروشتی زمانی کوردی ئەم دابەشکردنە نوێیە بۆ جۆرەکانی مۆرفیم لە زمانی کوردیدا بکەین، بەم شێوەیە:




## 2) مۆرفیمە سەربەخۆو بەندە هاوبێژو فرەواتاکان لە شێوازی ئاخاوتنی گەرمیاندا :

پێویستی ژیانی کۆمەڵو پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو گۆڕانو گەشە لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا، بێگومان پێویستی بە دانانو پەیدابونو هێنانەکایەی وشەو زاراوەی نوێ هەیە بۆ دەربڕینی چەمکە نوێکان، هەر بۆیە کۆمەڵ پەنادەباتە بەر چەندین ڕێگا، لەو ڕێگایانەش دوبارە بەکارهێنانەوە یان زیندوکردنەوەی فۆرمێکە بۆ واتایەك یان زیاتر، کە پەیوەندیی بنجیو فەرهەنگی لە نێوانیاندا هەبێت، بەمەش فرەواتایی دروستدەکەن، یان دەبنە هاوفۆرم، بەلأم بۆ واتای جیاواز بەکاردەهێنرێن، بەمەش هاوبێژی دروستدەکەن، واتە دیاردەی هاوبێژیو فرەواتایی دو دیاردەی زمانین، کە لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا هەنو بەرچاودەکەون، لەم بەشەدا باس لە هەردو دیاردەکە دەکەین، لە تەوەری یەکەم باس لە

مۆرفێمە سەربەخۆ هاوبێژو فرەواتاكانو لە تەوەری دووەم باس لە مۆرفێمە سەربەخۆو بەندە هاوبێژو فرەواتاكانو لە تەوەری سێیەم باس لە مۆرفێمە بەندە هاوبێژو فرەواتاكان بە كەرەستەی شێوازی ئاخاوتنی گەرمیان دەكەین.

**1-2 ) مۆرفێمە سەربەخۆ هاوبێژو فرواتـاكان:**

**1/1-2 ) مۆرفێمە سەربەخۆ هاوبێژەكان:**

یەكێ لە پەیوەندییە واتاییەكانی ناوەوەی زمان دیاردەی (هاوبێژی)یە. ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانانی جیهاندا بەرچاودەكەوێتو باسی لێوەكراوە، بەڵام هەر زمانێك بەپێی تایبەتێتی زمانەوانیو فەرهەنگی زمانەكەی گوزارشت لە چەمك و پێناسەی هاوبێژی بە نمونەی جیاوازەوە دەكات. بۆ نمونە ئەگەر بڕوانینە زمانی ئینگلیزی، (هاوبێژی چەند وشەیەكی جیاوازن، كە هەمان دەربڕینیان هەیە، بەڵام هەمان ڕێنوسیان نییە، وەك وشەكانی (To, Too,Two) هاوبێژن، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنوسیان جیاوازە)(**Victoria Fromkin…, 2003: 179**) یان (چەند وشەیەكی واتا جیاوازن، بەڵام هەمان فۆرمیان هەیە، وەك: sole(1): bottom of foot or shoe, sole(2): kind of fish (**John Lyons, 1995: 55**).

شایانی باسە (John I. Saeed) بە گشتی بە چوار خاڵ ئاماژە بۆ پەیوەندیی هاوبێژی لە نمونەكانی زمانی ئینگلیزیدا دەكات، كە ئەمانەن: (**John I. Saeed, 2009: 63-64**)

1- لێكسێمەكان سەر بە هەمان كەتیگۆریی سینتاكسینو هەمان ڕێنوسیان هەیە، وەك:

Lap(1): circuit of a course.

Lap(2): part of body when sitting down.

2- لێكسێمەكان سەر بە هەمان كەتیگۆرین، بەڵام ڕێنوسیان جیاوازە، وەك كردارەكانی (Ring)و (Wring).

3- لێكسێمەكان سەر بە كەتیگۆریی جیاوازن، بەڵام هەمان ڕێنوسیان هەیە، وەك ناوی (Keep)و كرداری (Keep).

4- لێكسێمەكان سەر بە كەتیگۆریی جیاوازنو ڕێنوسیانیش جیاوازن، وەك وشەكانی (Not)و (Knot).

بەڵام (لە زمانی كوردیدا وشەكان بە خوێندنەوەو نوسین وەك یەكن، بەڵام واتایان جیاوازە) (**ئەوڕەحمانی حاجی مارف، 1974، 94**). بۆ نمونە وشەی (مێز) لە شێوەزاری گەرمیاندا بە دو واتای جیاواز دێت، وەك:

مێز(1): پاشەڕۆی مرۆڤ (میز).

مێز(2): مێزی نانخواردن.

هەرچەندە باس لەوەش كراوە، كە هاوبێژی تەنها وشە ناگرێتەوە، بەڵكو دەشێ دو فۆرم (مۆرفێم، وشە، گرێ، ڕستە) یان زیاتر بێت، كە هەمان دەربڕینو ڕێنوسیان هەیە، بەڵام واتاو بنچینەی جیاوازیان هەیە.

هاوبێژی ((بەشێكی گرنگی زمان نییە، چونكە مایەی كەمكردنەوەی چالاكیی زمانەو ئەركێكی زۆر دەخاتە ئەستۆی ئەوانەی دەیانەوێ فێری زمانەكە ببن))(**سەباح ڕەشید قادر، 2000، 40**). واتە ((ئەركێكی زۆرتر لە پێویست بۆ تێگەیشتنو لەیەكتریگەیشتن دەخاتە سەر قسەكەرو گوێگرو سەر كردەی پەیوەندیو گفتوگۆكردنو لەیەكگەیشتنو بەتایبەتی سەر ئەو كەسانەی فێری زمانێكی بیانی دەبن))(**محەمەدی مەحویی، 2009، 103**). لە لایەكی تریشەوە

(هاوبێژی تەمومژی لە زماندا دروستدەكات)(Victoria Fromkin…, 2003: 180). بەوەی كە دو فۆرم یان زیاتر هەمان دەربڕینو نوسینیان هەیە، بەلاّم واتایان جیاوازە. هەر بۆیە واتا جیاوازەكان هەڵقولاّوی یەك ڕەگەزو یەك بنچینە نینو بۆ دو بنچینەی جیاواز دەگەڕێنەوە.

یەكەم/ دەشێ وشە هاوبێژەكان وشەی فەرهەنگی بن، وەك:

پەچە:

پەچە(1): پەچەی حەیوان، واتە شوێنی حەوانەوەی ئاژەلاّن.

پەچە(2): پەچەی سەر واتە سەرپۆش.

سوچ:

سوچ(1): سوچی ئوتومبێل.

سوچ(2): سوچی دیوار، واتە زاوییەی دیوار.

ڕەشكە:

ڕەشكە(1): خواردنی ڕەشكە.

ڕەشكە(2): ڕەشكەی كا، واتە جۆرێكە لە گوێنی بۆ گواستنەوەی كا لە كۆندا بەكارهاتوە.

دو:

دو(1): دوگی ئاژەڵ.

دو(2): ژمارە (دو).

تاتە:

تاتە(1): دادە.

تاتە(2): بەردێكی خڕو پانە، كە بۆ خەتخەتێن بەكاردێت.

گەز:

گەز(1): داری گەز.

گەز(2): مەتری پێوانەكردن.

لالە:

لالە(1): خاڵ.

لالە(2): لالەنگی.

لالە(3): چرا.

گول:

گول(1): كورتەبالاّ (قەزەم).

گول(2): پەڵەی سەر جلوبەرگ.

خام:

خام(1): پارچەی خام.

خام(2): نەكولاّو.

بەور:

بەور(1): بەفر.

بەور(1): ناوی ئاژەڵە، كە جۆرێكە لە پڵنگ.

میل:

میل(1): دنگومیل (میل: بە واتای ئەو پارچە ئاسنەیە یان دارەیە كە بۆ كوتاندنی كونجیو خورما بەكاردێ).

میل(2): میل بۆ پێوانەكردن.

كۆڵ:

كۆڵ(1): سەرشان (منالّەكەم خستە سەر كۆڵم).

كۆڵ(2): لاربونی پەنجە (پەنجەی كۆڵ بووە).

كۆڵ(3): بیركۆڵ (نەخۆشی ئۆتیزمە).

مەكۆ:

مەكۆ(1): مەكۆی مەكینە/فەرش.

مەكۆ(2): مەكۆی گۆڕان (حركە التغیر).

ساوین:

ساوین(1): سابون.

ساوین(2): پاككردنەوە (خاس قاپەكان بساوە).

نان:

نان(1): ناشتن (من دارەكەم نا).

نان(2): نانی خواردن (من نانەكەم خوارد).

سەندن:

سەندن(1): كڕین (من خانووەكەم لە ئەوان سەند).

سەندن(2): وەرگرتن (من پارەكەم لە ئەوان سەند).

گرتن:

گرتن(1): گرتن (كۆترەكە بگرە).

گرتن(2): داخستن (قاپییەكە بگرە)

مایە:

مایە(1): مانەوە.

مایە(2): دەستمایە.

مایە(3): مایەی نان پێوەدان.

کولێرە:

کولێرە(1): نەخۆشی کولێرە.

کولێرە(2): نانی کولێرە.

دووەم/ دەشێ دو وشە سەربەخۆکان هەردو مۆرفێمی فەرهەنگیو ئەرکی بنو ببنە هاوبێژ، بۆ نمونە:

پێ:

پێ(1): قاچ (پێم شکیا).

پێ(2): جێگیرەپێشبەندە (کتابەکەم دا پێی).

تێ:

تێ(1): بەرزبونەوەی پلەی گەرمای لەش (تا).

تێ(2): جێگرەپێشبەندە (بەردێکم تێ گرت).

## هۆکارەکانی پەیدابونی هاوبێژی:

1- هەبونی زارو شێوەزارە جیاجیاکانی نێو زمانێك بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی هاوبێژی لە زماندا دادەنرێت، بەوەی وشەکان لە نێوان زارو شێوەزارەکاندا دەگوێزێنەوە، بەمەش دەبنە هاوفۆرمو دو واتای جیاواز یان زیاتر دەبەخشن، بۆ نمونە:

تو:

تو(1): داری تو.

تو(2): جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی تاك.

چاك:

چاك(1): باش.

چاك(2): باوەش.

2- هەندێك جاریش هاتنە ناوەوەی وشەی بیانی بۆ نێو زمانێك دەبێتە هۆی دروستبونی هاوبێژی، چونکە هەمان ئەو وشەیە لە زمانەکەدا هەیە، کە واتایەکی تر دەگەیەنێت، بەمەش دەبنە هاوفۆرم، بەڵام واتاکانیان جیاوازن، بۆ نمونە:

هەویە:

هەویە(1): شوناس، ناسنامە.

هەویە(2): ئەگەر پیاوێك دو ژنی هەبێت، ژنەكان دەبن بە هەویەی یەكتر.

دیسكۆ:

دیسكۆ(1): بارِ.

دیسكۆ(2): بە گەنجی قۆزو كەشخە دەوترێ.

تەوالێت:

تەوالێت(1): سەرئاو.

تەوالێت(2): پەرچەم.

خەس:

خەس(1): كاهو.

خەس(2): خەست، چڕ.

پاوەن:

پاوەن(1): دراوی بەریتانییە.

پاوەن(2): شوێنی بەخێوكردنی مەڕو ماڵات.

محەلە:

محەلە(1): گەڕەك.

محەلە(2): شوێنی كۆكردنەوەی خەلەو خەرمان.


### 2/1-2 ) مۆرفێمە سەربەخۆ فرەواتاكان:

یەكێكی تر لە جۆرەكانی پێوەندییە واتاییەكانی ناوەوەی زمان دیاردەی (فرەواتایی)ە. (بەرانیكۆڤا) بەم شێوەیە پێناسەی دەكات ((هێزو توانای وشە لە بەدەستهێنانی واتایەكی تر، بەكارهێنانی ئەو واتایە، ئەمڕۆ لەپاڵ واتا سەرەكییەكەیدا))(**فاروق عومەر سدیق، 2014**). واتە فرەواتایی فۆرمێكە كە زیاتر لە چەند واتایەكی هەبێت، بەڵام دەبێت واتاكان هاوڕەگەزو هاوسەرچاوە بن. بۆیە (گرنگترین خاڵ كە پێویستە لەم جۆرە پەیوەندییەدا هەبێت، پەیوەندیی نێوان واتاكانە)(**جون لوینز، 2009؛ 155**).

فرەواتایی ((دەبێتە هۆی دەوڵەمەندكردنی زمانو كەمكردنەوەی وشەو زمانەكەش لە ئاڵۆزی دوردەخاتەوە، هەروەها ئەركی دانانی فەرهەنگو كاری فەرهەنگنوسیو فێربونی ئەو زمانەش ئاساندەكات))(**رۆژان نوری عبداللە، 2007، 193**). چونكە ئەركی زمان لە ناونانی شتەكاندا ئاساندەكات بەرانبەر بەوەی، كە بۆ هەر ناولێنراوێك وشەیەك دابنرێت. كەواتە ((فرەواتایی تایبەتییەكی گرنگی زمانەو ناشێت بە كورتكردنەوە دابنرێت، لە نەبونی فرەواتاییدا دەبو بۆ هەر واتایەك (ناولێنراوێك) وشەیەك دابنرێت))(**محەمەدی مەحوی، 2009؛ 108**).

دەتوانین پەیوەندیی فرەواتایی لەم هێڵكارییەدا زیاتر ڕونبكەینەوە: (محمد رضا باطنی، 1390: 230)

وێنەی هۆشەكی ( 1 ) ............... وێنەی هۆشەكی ( 2 ) ................وێنەی هۆشەكی ( 3 )



وشــە

بەپێی ئەم هێڵكارییە، لە فرەواتاییدا یەك وشە پەیوەندیی لەگەڵ چەندین وێنەی هۆشەكی هەیە، هێڵە پچڕپچڕەكەی نێوان وێنە هۆشەكییەكان ئەوە پیشاندەدەن، كە واتـا جیاوازەكان بەهۆی چەمكو بیری هاوبەشەوە پێكەوە بەستراون.

بۆ نمونە:

بان:

1- سەر (بانی خانی، بانی تەنور).

2- داپۆشین (باندان).

3- سەرقاپ (بانی مەنجەڵ).

بۆن:

1- عەتر.

2- بۆنكردن (لوت).

3- بۆگەن/گەنیو ( ئاشەكە بۆنی كردە).

شاڵ:

1- لفكەی قاپشتن.

2- جۆرێكە لە قوماشی جلی كوردی.

كاڵ:

1- ڕەنگی كاڵ.

2- نەكولاو.

3- هێشتا پێنەگەیوە.

بەیانی:

1- ئەم بەیانییە.

2- سبەینێ

تن:

1- پتەو.

2- خێرا.

سەركۆنە:

1- سەرزەنشتكردن.

2- تانەو سەركۆنە، واتە سەرزاری خەڵك.

بەفر:

1- سەهۆڵ.

2- بەفر.

شانە:

1- شانەی قژداهێنان.

2- شانەی هەنگ.

**هۆكارەكانی پەیدابونی فرەواتایی:**

1- **خواستن**: یەكێك لە ڕێگاكانی پەیدابونی فرەواتایی، خواستنە كە (بریتییە لە هەڵبژاردنی (دانانی) نیشانەیەك لە بری نیشانەیەكی تر، لەسەر تەوەری جێنشینیو لەسەر بنەمای لەیەكچون)(**كورش صفوی، 1392، 267**). بۆیە پەیدابونی واتای نوێ لە ڕێی خواستنەوە لەسەر بنەمای هەبونی پەیوەندی لە نێوان واتای هۆشەكیی وشەكەو واتا خواستراوەكەدا دەبێت. بۆیە (ئۆڵمان) پێی وایە (خاڵی هاوبەش نێوان دو چەمك دەبێتە هۆی ئەوەی وشەیەك لەبری وشەیەكی تر بەكاربهێنرێت)(**سەرچاوەی پێشو: 267**). بۆ نمونە:

بەچكە:

1-كۆرپە/منداڵ (بەچكەكەتان پیرۆزبێ).

2-بچوك (بەچكە كۆستەرێكم كڕی).

واتای (بەچكە) لە بنەڕەتدا (بچوك)ە، بەڵام بەهۆی هەبونی پەیوەندی (+ قەبارە)، ئەم واتایە خواستراوە بۆ شتێك كە قەبارەی بچوكتر بێت، وەك (مینی پاس/ كۆستەری بچوك)، واتە سیفەتی هاوبەش لە نێوانیاندا (+ بچوك)ە.

پسپۆر:

1-كەسی شارەزا لە ئاژەڵداری.

2-خبیر/ پسپۆری بواری زانستی یان بواری مرۆیی یان هەر بوارێكی تر بێت.

2- **گواستنەوەی واتا**: بە یەكێك لە هۆكارەكانی پەیدابونی فرەواتایی لە زماندا دادەنرێت. بەڕای (ئۆڵمان) (گواستنەوەی واتا لە بەكارهێناندا، لە ڕاستیدا جۆرێكە لە فراوانبونی واتایی كە بەزۆری لە سیفەتدا دەردەكەوێت. یەكەیەكی زمانی بەهۆی جێنیشینی لەگەڵ یەكەیەكی تری زمانیدا واتای جیاواز پەیدادەكات، كە لە سەرەتادا بەتەواوی پەیوەستە بە

یەکە جێنشینەکانەوەو دواتر بۆ ئاخێوەرانی زمان دەبن بە واتای جیاوازی ئەو وشەیە)(**بڕوانە: کورش صفوی، 1392: 113-117**). بۆ نمونە:

وشەی (ڕەش) لە بنچینەدا (ڕەنگی ڕەش)ە، بەڵام لە وشەکانی (بەختڕەش، ڕووڕەش، ڕەشپێست) لە نمونانەدا (ڕەش) بەواتای جیاواز بەکارهاتوە، جگە لە واتا سەرەکییەکەی کە ڕەنگی (ڕەشە)، بەڵام هێشتا هاوبەشییەکی واتایی لەگەڵ واتا بنچینەییەکەیدا پێوەدیارە.

## 2-2 ) مۆرفێمە سەربەخۆو بەندە هاوبێژو فرەواتاکان:

### 1/2-2 ) مۆرفێمە سەربەخۆو بەندە هاوبێژەکان:

دەشێ مۆرفێمێکی سەربەخۆو بەند یان زیاتر هەمان خوێندنەوەو نوسینیان لەم شێوەزارەدا هەبێت، بەڵام دو بەکارهێنانو دو واتای جیاوازیان هەیە، بۆ نمونە:

تێ:

تێ(1): بە واتای کرداری (دێ).

تێ(2): بەرزبونەوەی پلەی گەرمای لەش (تا).

تێ(3): جێگرەپێشبەندە (بەردێکم تێ گرت).

تێ(4): پێشگری فەرهەنگی (تێکردن، تێگرتن،....)

بێ:

بێ(1): وەرە (کرداری فەرمانە) وەك (بێ بۆماڵمان).

بێ(2): پێشبەندە (ئازاد بێ تۆ هات).

بێ(3): پێشگرو ناوەندگری فەرهەنگی (بێناز، دەستبێخێر).

مان:

مان(1): ئۆتۆمبێلی لۆری.

مان(2): مانەوە.

مان(3): جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی کۆ.

تان:

تان(1): تانوپۆی قاڵی دروستکردن.

تان(2): جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی کۆ.

پارەکە:

پارەکە(1): ساڵی پار.

پارەکە(2): پارە.

2/2-2 ) **مۆرفێمە سەربەخۆو بەندە فرەواتاکان:**

مەبەست لە بونی مۆرفێمێکی سەربەخۆو مۆرفێمێکی بەندە کە فرەواتایی دروستبکەن، بەڵام نمونەی ئەم جۆرە فرەواتاییەمان لەم شێوەزارەدا بەرچاونەکەوتوە، کە واتای جیاوازو نزیك لە یەکیان هەبێت.

3-2 ) **مۆرفێمە بەندە هاوبێژو فرەواتاکان:**

1/3-2 ) **مۆرفێمە بەندە هاوبێژەکان:** هەبونی دو مۆرفێمی بەند یان زیاترە، کە هاوفۆرمن، بەڵام لە ئەرکو واتادا لەیەك دورنو جیاوازن، شایانی باسە ژمارەیەکی زۆری مۆرفێمی بەندی هاوبێژی لە زمانی کوردیدا بەرچاودەکەون، بەڵام لێرەدا هەوڵدەدەین، ئەو مۆرفێمە بەندانەی کە لە شێوازی ئاخاوتنی گەرمیاندا هاوبێژی دروستدەکەن، بە نمونەوە بیانخەینەڕو:

ان:

ان (1): گیرەکی وشەگۆڕە بۆ کۆ (کوڕان، کچان،...)

ان (2): گیرەکی وشەدروستکەرە (تۆپتۆپان، قولقولان، حەوتبەردان، قەمچان،...)

ۆ:

ۆ (1): گیرەکی وشەگۆڕە بۆ بانگکردن (خاڵۆ، مامۆ،...)

ۆ (2): گیرەکی وشەدروستکەرە کە دەبێتە پاشگری دوبارەکردنەوە (خواردۆ، هاتۆ،...).

ە:

ە (1): گیرەکی وشەگۆڕە بۆ ڕابردوی تەواو، وەك: هاتە (هاتوە)، دانیشتە (دانیشتوە)، خەوتە (خەوتوە)،....)

ە (2): گیرەکی وشەدروستکەرە کە دەبێتە پاشگر لە دروستکردنی چەندین وشەی داڕێژراودا، وەك (جوانە، ناسکە، کردە، بردە، تەنورە،.....)

ی:

ی (1): گیرەکی وشەگۆڕە: کوڕەکەی ، کوڕی باش.

ی (1): گیرەکی وشەدروستکەرە بۆ دروستکردنی ناوی بکەری: مردی (مردو)، کەفتی (کەوتو)،.....

تێ:

تێ (1): دێ، ڕەگی کرداری (هات).

تێ (2): جێگرەپێشبەندە (بەردێکم تێ گرت).

تێ(3): پێشگری فەرهەنگی (تێکردن، ...)

2/3-2) مۆرفێمە بەندە فرەواتاكان:

هەبونی مۆرفێمێكی بەندە بە زنجیرەیەك واتای جیاوازەوە، بە مەرجێك واتای هاوبەش كۆیانبكاتەوە، بۆ نمونە:

دار:

1- نازدار، زمدار، دیندار....

2- دوكاندار، ئاژەڵدار....

سیفەتی هاوبەش لە نێوان نمونە جیاوازەكاندا (+ خاوەنداریێتی)یە.

ان:

1- ژنان، پیاوان....

2- ئەو + ان = ئەوان.

3- مان، تان، یان.

سیمای واتایی (+ كۆ) لە نێوانیاندا هاوبەشە.

## ئە نجامەكان

1- ڕەگ (Root) فۆرمێكی بەندە، كە كرۆكی وشەیەو هەڵگری واتای فەرهەنگی وشەكەیەو لەوە زیاتر كەرتناكرێت، هەروەها قەدیش (Stem) فۆرمێكی بەندە، بەڵام لە ڕەگو گیرەكە وشەدروستكەرەكان یان وشەگۆڕەكان پێكهاتوە، بەمەش هەردوكیان بناغە (Base) دروستدەكەن.

2- گیرەكە وشەدروستكەرەكان بەشداری لە دروستكردنی وشەی نوێدا دەكەن، بەوەی پێشگرو پاشگرەكان بەشداری لە پرۆسەی وشەدارشتن دەكەن، بەڵام ناوەندگرەكان بەشداری لە پرۆسەی وشەلێكدان دەكەن.

3- بە بەراوردكردنی تایبەتییە مۆرفۆلۆجیو سینتاكسییەكانی گیرەكو نوسەك، ئەوە دەردەخەن، كە ئەم مۆرفێمە بەندە دو بابەتی لەیەكتر جیاوازن، هەروەها تەنها جێناوە كەسییە لكاوەكان نوسەك لە زمانی كوردیدا دەنوێنن و هەمیشە بە كۆتاییەوە دەلكێن.

4- هەمو ناوبەندێك دەبێتە ئەلۆمۆرف، بەڵام ناتوانرێت بە هەمو ئەلۆمۆرفێك بوترێ ناوبەند.

5- نمونەكان ئەوە دەردەخەن، كە مۆرفێمە سەربەخۆكان پێكەوەو هەروەها مۆرفێمە بەندەكان پێكەوە هاوبێژیو فرەواتایی دروستدەكەن ئەمە لە لایەك، لە لایەكی ترەوە مۆرفێمە سەربەخۆو بەندەكان هەردوكیان پێكەوە هاوبێژی دروستدەكەن، بەڵام فرەواتایی دروستناكەن لە شێوازی ئاخاوتنی گەرمیاندا.

## سەرچاوەكان

1. ئەبوبەكر عومەر قادر (2003)، بەراوردێكی مۆرفۆسینتاكسی لەنێوان زمانی كوردیو فارسیدا، نامەی دكتۆرا، كۆلێجی زمان ـ زانكۆی سلێمانی.

2. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1974)، لێكسیكۆلۆژی زمانی كوردی، گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد، بەرگی دووەم، بەشی دووەم، بەغدا.

3. ئەوڕەحمانی حاجی مارف (1998)، ڕێزمانی کوردی (مۆرفۆلۆجی)، بەرگی یەکەم، بەشی چوارەم (ژمارەو ئاوەڵکردار)، بەغدا.
4. ئومێد بەرزان برزو (2017)، دروستەی مۆرفۆفۆنۆسینتاکس لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی (21)، ژمارە (1)، هەولێر.
5. ڕۆژان نوری عبدالله (2007)، فەرهەنگی زمانو زاراوەی کوری، چاپی یەکەم، خانەی چاپو بلاْوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی.
6. سەباح ڕەشید قادر (2000)، هاوبێژیو فرەواتایی لە گیرەکدا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
7. شیروان حوسێن خۆشناو (2016)، توانای مۆرفێمی بەند لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگو ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا، نامەی دکتۆرا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپو پەخشی نارین، هەولێر.
8. فاروق عومەر سدیق (2014)، لێکسکۆلۆجی، وانەی خوێندنی بالاْ ـ ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
9. عەبدولواحید موشیر دزەیی (2012)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، بلاْوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر.
10. ڕەفیق شوانی (2011)، وشەسازی زمانی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلاْت، هەولێر.
11. محمد معروف فتاح (2011)، زمـانەوانی، چاپی سێیەم، هەولێر.
12. محەمەد مەعروف فەتاحو سەباح ڕەشید قادر (2006)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی.
13. محەمەدی مەحوی (2009)، زانستی هێما – هێما واتاو واتالێکدانەوە، بەرگی یەکهەم، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.
14. مەسعود محەمەد (1982)، چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ڕێنووسو ئەلفوبێی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق ـ دەستەی کورد، بەرگی (9)، بەغدا.
15. محمد رضا باطنی (1390)، زبان و تفکر، چاپ دهم، انتشارات اگاه، تهران.
16. کورش صفوی (1392)، در امدی بر معنی شناسی، چاپ پنجم، انتشارات سورەمهر، تهران.
17. جون لوينز (2009)، اللغة واللغويات، ترجمة/ أ.د. محمد العناني، دار جرير للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان ـ الاردن.
18. Bloomfield. (1933), Language, Henry Holt, Newyork.
19. John Lyons (1995), Linguistic semantics, First adition, Cambride University press.
20. John I. Saeed (2009), Semantics, Third edition, Wiley – Blackwell.
21. Alexandra Y.Aikhenvald (2006), Language Typology, First adition, Cambride University press.
22. Victoria Fromkin, Robert Rodman, Nina Hyams. (2003), An Introduction to Language, United state.

## Abstract

The study is intittled "Homonymic and polysemic morphemes in Kurdish Language". Which discusses some classifications of the kinds of morpheme in Kurdish Language and states a new type of classification, Then discusses morphemes and semantic relations especially homonym and polysemy in Germian accent.The study consists of two sections:

The first section is about the concept of morpheme and Kurdish linguists view of morphemes and their new classifications of morpheme types have been explained.

The second section explains free and bound morphemes which they form homonym and polysemy in Germian accent, It divides on three sub-sections. The first sub-sections is about the free morphemes, the second sub-sections is about the free and bound morphemes, the last sub-sections is about the bound morphemes.

Finally the most important results and the list of the references and demonstrating the summery of the research in Kurdish and English language.